وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

## زانكۆ: سەڵاحەددین-هەولێر

## كۆلێژ: پەروەردەی بنەڕەتی

## بەش: زمانی ئینگلیزی

## قۆناغ: دووەم/ كۆرسی یەكەم

## بابەت: دەرونزانی پەروەردەیی

## ناوی مامۆستا: ئەردەلان لەتیف عەبدولقادر

## ساڵی خوێندن: 2022-2021

# پەرتووکی کۆرس
Course Book

| | |
|---|---|
| 1. ناوی کۆرس | دەرونزانی پەروەردەیی، |
| 2. ناوی مامۆستا | ئەردەلان لەتیف عەبدولقادر سادق |
| 3. بەش/ کۆلێژ | زمانی ئینگلیزی/ پەروەردەی بنەڕەتی |
| 4. پەیوەندی | ئیمێل: ardalan.abdulqader@su.edu.krd<br>ژمارەی تەلەفۆن 0750 456 12 91 |
| 5. سعات و یەکەی خوێندن لە هەفتەدا | 2 سعات<br>4 یەکە |
| 6. ژمارەی سعاتی کارکردن لە هەفتەیەک | 16 سعات |
| 7. کۆدی کۆرس | .. |
| 8. پرۆفایەلی مامۆستا | • ساڵی ٢٠٠٨ بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستە کۆمەڵایەتیەکان بەدەستهێناوە لە کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر.<br>• ساڵی ٢٠١١ بڕوانامەی ماستەر لە پەروەردەی کۆمەڵایەتی(Social Pedagogy)، بەدەستهێناوە لە کۆلیژی زانستە کۆمەڵایەتی و دەروونیەکان، زانکۆی پەروەردەیی حکومی خارکۆف-ئۆکراینا.<br>• ساڵی ٢٠١٢ دامەزراندن لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر.<br>• ساڵی ٢٠١٢ نازناوی زانستی (مامۆستای یاریدەدەر) لە زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر.<br>• ساڵی ٢٠٢٠ بڕوانامەی دکتۆرا لە پسپۆڕی زانستە پەروەردەییەکان( pedagogical sciences)، بەدەستهێناوە لە کۆلێژی زانستە پەروەردەیی و دەروونیەکان، زانکۆی ئەریۆلی حکومی- ڕوسیای فیدڕاڵ.<br>• ساڵی ٢٠٢٠ نازناوی زانستی (مامۆستا) لە زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر.<br>• مامۆستا لە بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر. |
| 9. وشە سەرەکیەکان | چەمکی دەرونزانی پەروەردەیی، ڕەفتار، فێربوون، فێرکردن، تیۆرەکانی فێربوون، جیاتاکی، کاراکردنی فێربوونی پۆلی، هەڵسەنگاندن، مۆبینگ. |

**10. ناوەرۆكی گشتی كۆرس:**

ئامانج لەم كۆڕسە ناساندن و باسكردنی دەرونزانی پەروەردەییە بەشێوەیەكی گشتی بۆ قوتابیانی قۆناغی دووەمی بەشی زمانی ئینگلیزی؛ دەرونزانی پەروەردەیی یەكێكە لە بابەتە گرنگ و سەرەكیەكان بۆ پێگەیاندنی مامۆستای قۆناغی بنەڕەتی. لەبەرئەوەی لە دەرونزانی پەروەردەییدا ئاشنا دەبین بە چەمكی فێربوون و تیۆرەكانی، باس لە چۆنیەتی گەیاندنی پەیام دەكەین لەلایەن مامۆستا، وە چۆنیەتی وەرگرتنی ئەو پەیامە لەلایەن قوتابی دەخەینەڕوو. بە وردی ئامانج و چۆنیەتی دیاریكردنی ئامانجی وانە باس دەكەین لە هەرسێ لایەنی مەعریفی و ویژدانی و جووڵەییەوە. چۆنیەتی ڕوودانی فێربوون و كاریی مامۆستا لە كەشی وانەوتنەوەی ناو پۆل شیدەكەینەوە. هەروەها بەشێوەیێكی زانستی "جیاتاكی" نێوان قوتابیان و پێوانەی ئاستی زیرەكی دەخەینەڕوو. لەكۆتاییدا باس لە شێوازەكانی هەڵسەنگاندن دەكەین بە كورتی.

**11- ئامانەكان لەم كۆڕسە؛**

دەرچووانی كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی لە داهاتوودا پسپۆڕی وەردەگرن لە بەشی جیاواز بەمەبەستی ئامادەكردنیان وەكو مامۆستای قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی، دەرونزانی پەروەردەیی یەكێكە لە بنەڕەتەكانی زانین و بەدەستهێنانی شارەزایی بۆ چۆنیەتی پەروەردەكردنی منداڵ. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە قوتابیانی كۆلێژی پەروەردەیی بنەڕەتی:

1- ئاشنا بێ بە چەمك و بنەڕەتەكانی دەرونزانی.

2- ئاشنا بێ شێواز و جۆرەكانی لێتوێژینەوە لە دەرونزانی.

**12. ئەركەكانی قوتابی؛**

پێویستە قوتابی لە چالاكیەكانی پۆل ئامادەبێ وەك؛ پێشكەشكردنی سمینار و ئامادەكردنی كورتە ڕاپۆرت و شیكردنیەوەی سەرچاوەكان، هەروەها ئەنجامدانی كویز و تاقیكردنەوە.

**13. ڕێگا و شێوازی وانەوتنەوە؛**

1. ڕێگای وانەی ئامادەكراو.
2. ڕێگای پرسیار و وەڵام.
3. ڕێگای گفتوگۆ.

**14. سیستەمی هەڵسەنگاندن؛**

یەكەم: (40%) نمرەی كۆشسی كۆڕس؛

1. 20% تاقیكردنەوەی یەكەم
2. 20% تاقیكردنەوەی یەكەم

دووەم: (60%)نمرەی كۆتایی كۆڕس.

**15. دەرئەنجامەكانی فێربوون:**

قوتابی بەڕێز؛ وەرگرتنی بابەتەكانی كۆڕسی دەرونزانی گشتی بە پابەندبوونی ئێوە لە ئامادەبوون و بەشداری لە چالاكیەكان، هەروەها بە زانیاری و سەرنجەكانی ئێوە دەبێتە هۆی:

1- گەشەكردنی لایەنی دەروونی بەگشتی و مەعریفی بەتایبەتی لەخوێندنەوە و بەدواداچوون لە سەرچاوەكانی دەرونزانی بەگشتی و دەرونزانی پەروەردەیی بەتایبەتی، ئەمەش یارمەتیدەر دەبێ لە ژیانی ڕۆژانە. چونكە دەرونزانی

پەروەردەیی لێتوێژینەوە دەکات لە تیۆرەکانی فێربوون و پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی، بۆیە هەموو تاکێک سوود وەردەگرێ بەتایبەت بۆ خودناسی و زانینی توانا و لێهاتوویەکانی منداڵ و چۆنیەتی ڕوودانی فێربوون.

2- لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە دەتوانی سوودی وەرگری، ئەگەر حەزی بەدواداچوونی خۆت تەریب بکەی لەگەڵ سەرچاوەکانی ئەم زانستە. هەم بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ خودیەتی خۆت و چۆنیەتی نواندنی هەڵسوکەوت لەژینگەی کۆمەڵایەتیدا، هەمیش بۆ باشترکردنی پەیوەندیەکانت لەگەڵ کەسی بەرامبەر. چونکە ئێمە بەهۆی هەڵچوون و پاڵنەرەکانەوە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانمان پتەو و گونجاو دەبێ لەگەڵ بەرامبەر و بەپێچەوانەشەوە.

3- ئەگەر شارەزاییەکانت لە دەرونزانی پەروەردەیی فراوان بکەی وگەشە بە زانیارییە تیۆرییەکانی بواری فێربوون و فێرکردن بدەی لە بواری زانستە دەروونیەکان، بەدڵنیاییەوە لە مەیدانی کارکردن بۆ پسپۆری خۆت دەرفەتی باشتر بەدەستدێنی. لەبەر ئەوەی پیشەی مامۆستایی گرێدراوی تەواوی زانستی دروونی و ناسینی منداڵە.

**16. لیستی سەرچاوە؛**


1.هێرۆ کەمال: سایکۆلۆژیای منداڵ و پەروەردەکردنی خونچەکان، بێ ساڵ و شوێنی چاپ.

2.کەریم شەریف قەرەچەتانی: سایکۆلۆژیای پەروەردەیی، چا. نێوەند، چ.١، سلێمانی 2008.

3.عەبدولڕەحمان عەدەس: سایکۆلۆژیای پەروەردەیی، و؛ سەلاح سەعدی، چا. کتێبخانەی نارین، چ١، هەولێر 2013

4.مەحموود عەودە ئەلریماوی: لە دەرونزانی منداڵدا، و؛ ئاری عوسمان خەیات، چا. نارین، چ٢، هەولێر 2011

5.هادی مشعان ربیع: علم النفس التربوی، مکتبە مجتمع العربی للنشر و التوزیع، ط١، عمان- الاردن 2008


**17. پێرستی بابەتەکانی کۆرس؛**

**هەفتەی(1):** چەمک و پێناسەی دەرونزانی پەروەردەیی،

**هەفتەی(2):** بابەتەکانی دەرونزانی پەروەردەیی، ئامانجەکانی دەرونزانی پەروەردەیی.

**هەفتەی(3):** سەرچاوەکانی زانیاری لە دەرونزانی پەروەردەیی، سوودەکانی دەرونزانی پەروەردەیی بۆ مامۆستا.

**هەفتەی(4):** ئامانجەکانی وانە و جۆرەکانی. چۆنیەتی دارشتنی ئامانجی وانەوتنەوە.

**هەفتەی(5):** ئامانجی مەعریفی، هەرەمی بلۆم بۆ ئامانجی مەعریفی.

**هەفتەی(6):** ئامانجی ویژدانی، هەرەمی کراسۆل بۆ ئامانجی ویژدانی.

**هەفتەی(7):** ئامانجی دەروونی-جووڵەیی، پۆلێنی کیپلەر بۆ ئامانجی دەروونی-جووڵەیی.

**هەفتەی(8): تاقیکردنەوەی یەکەم**

**هەفتەی(9):** چەمک و بۆچوونەکان دەربارەی پرۆسە و تیۆرەکانی فێربوون، مەرجەکانی فێربوون،

**هەفتەی(10):** تیۆری مەرجی فێربوون (پاڤلۆڤ)، تیۆری مەرجی پراکتیکی فێربوون(سکێنەر).

**هەفتەی(11):** تیۆری هەوڵ و هەڵە بۆ فێربوون (سۆرندایک)، تیۆری گشتالتییەکان بۆ فێربوون.

**هەفتەی(12):** زیرەکی، جۆرەکانی زیرەکی، سیفەتەکانی کەسی زیرەک.

**هەفتەی(13):** جیاتاکی، جۆرەکانی و گرنگی جیاتاکی، کاراکردنی فێربوونی پۆلی.

**هەفتەی(14):** هەڵسەنگاندن، جۆرەکانی هەڵسەنگاندن، بنەما سەرەکیەکان بۆ هەڵسەنگاندن

**هەفتەی(15): تاقیکردنەوەی دووەم**

| |
|---|
| **18. بابەتی پراکتیک؛**<br>هەوڵدەدەین لە کاتی وانەوتنەوەدا بە هێنانەوەی نموونەی زیندوو لە پەیوەندی نێوان قوتابی و مامۆستا و ژینگەی کۆمەڵایەتی خۆمانەوە بابەتەکان ڕوونتر و دەوڵەمەند بکەین بەمەبەستی زیاتر تێگەیشتن.<br>هەروەها بەپێی کات دەرفەت بە قوتابیان دەدرێ کە بابەتی ڕۆژ بە شێوەیێکی زانستی بخەنەڕوو بۆ زیاتر فراوانکردنی ئاسۆی بیرکردنەوە و ئەزموونکردنی بابەتە دەروونیەکان. |
| **19. تاقیکردنەوەکان؛**<br>1. **پرسیاری وتاری**، وەک؛ ناساندن، باسکردن، شیکردنەوە. بۆنموونە؛<br>- چەمکی(فێربوون، ئامانج، هەڵسەنگاندن) بناسێنە؟<br>- باس لە جۆرەکانی هەستکردن بکە و شیان بکەوە؟<br>2. **پرسیاری بابەتی**، وەک؛ هەڵبژاردن، بۆشایی، ڕاست و هەڵە. بۆنموونە؛<br>- پێویستە مامۆستا بەسۆزەوە مامەڵە لەگەڵ قوتابیان بکات؟<br>- لە ژینگەی قوتابخانەکانی ئێمە کەشی لەبار ڕەخساوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە جدەروونی-جووڵەییەکان لە پۆلدا؟ |
| **20. تێبینی:**<br>1- قوتابیان دەتوانن ئەو سەرچاوانەی کە ئاماژەمان پێکردوون بەکاربێنن، هەروەها لە سەرچاوەی تری پەیوەندار بە تەوەری بابەتەکان زانیاری وەربگرن و بەکاریبێنن لە گفتوگۆی ڕۆژانە و پرسیار و وەڵامەکانی تاقیکردنەوە.<br>2- ئەگەر بە پێویست زانرا بە ڕاوێژ لەگەڵ قوتابیان، ئەتوانرێ دەسکاری تەوەری بابەتەکانی ئەم کۆرسە بکەین. |